

# بۆچی کچان ئامادە نین لە شوێنە گەشتیارییەکان کاربکەن؟

گوڵان: کۆمەڵایەتی

### له تانەکانی کۆمەڵگە دەترسن

فەوزیە سەلیم، قوتابی بەشـــی کارگێڕی دەزگاکانی گەشتیاری لە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێرەو نایشـــارێتەوە لەسەرەتادا بەهۆی کەمی نمرەکانیەوە بۆ ئەو بەشە هاتووە، وتیشی «ئێستا تا ئاستێك شـــارەزاییم پەیدا کردووەو لەهاتنیشـــم بۆ ئەو بەشە پەشیمان نیم، هەرچەنـــدە نازانم تاچەند دەتوانم رووبەڕووی کۆمەڵگە و تانەکانی ببمەوە بۆ ئەوەی دوای دەرچوونم لەشوێنە گەشتیارییەکان خزمەت بکەم».

### کۆمەڵگە بە چاوی سووك سەیری ئافرەتانی ناو هۆتێلەکان دەکات

کاترین فازل، قوتابی قۆناغی دووەمی بەشی رابەری گەشتیارییەو ســـبارەت بە هەمـــان پرس دەڵێت «لەبەر ئـــەوەی بە حەزی خۆم نەهاتووم و نمرەکانم منیان بۆ ئێرە هێناوە، هیچ لەم بەشـــە مورتاح نیم، خۆم حەزم لە بەشی ئینگلیزی بوو، گەر بڕوانامەش وەربگرم، پێموانییە بتوانم لەو بوارەدا کاربکەم، کۆمەڵگە بە چاوی ســـووك سەیری ئافرەتانی ناو هۆتێلەکان دەکات، بۆیە وانەکانی گەشتیاری بەزۆر دەخوێنم و هیچ دڵم پێی خۆش نییە».

### کەسوکاری کچانی قوتابی ڕێگری لەکارکردنیان دەکەن

ســـەرۆکی بەشی کارگێڕی دەزگاکانی گەشتیاری لە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر (داود ســـلێمان قائیدی)، ئەوە پشت ڕاستدەکاتەوە کە ئەو قوتابیانەی دێنە بەشی گەشتوگوزار هیچیان بە ئارەزووی خۆیان نایەن، بەتایبەتی کچەکان، وتیشـــی «تێڕوانینی کۆمەڵگە وادەکات، بۆ دایك و باوکێك ئاسان نەبێت کچەکەیان دوای دەرچوونی لـــە هۆتێلێك کاربکات، تاکی ئێمە نازانێ گرنگی گەشـــتوگوزار لەرووی ئابووری و کۆمەڵایەتـــی و رامیاری و ژینگەیی چییە، تەنانـــەت زۆربەی ئـــەو قوتابیانەی کە قبـــووڵ مەرکەزی بۆمان دەنێرێت، مواســـەفاتی جەستەیی و تەندروســـتییان تەواو نییە، لە قۆناغـــی دووەمیش لەکاتی مەشـــقی هاوینە پێویســـتە قوتابیان ماوەیـــەك لە هۆتێلەکان راهێنان بکـــەن، ئەوەش گەورەترین گرفتی ئێمەیە کە زۆرجار کەســـوکاری بەمـــکارە رازی نابن و ڕێگەنادەن کچەکانیان بۆ مەشق و ڕاهێنان بە ماوەیەکی کەمیش لە هۆتێلەکان کاربکەن»،

### ٣٥٤ قوتابی بەشی کارگێڕی دەزگاکانی گەشتیاری لە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر کچن

سەرۆکی بەشی کارگێڕی دەزگاکانی گەشتیاری لە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر پێشـــنیار دەکات، قوتابیانی ئەو بەشە بەتایبەتی کچان و کەســـوکاریان هـــان بدەن بۆ ئەوەی هیـــچ ڕێگرییەك بۆ کارکردن لـــە بەردەمیان نەمێنێ، ئەوەش دەخاتەڕوو کە لە قۆناغی یەکەم ١٤٩ کچ ە لە قۆناغی دووەمیش ٢٠٥ کچی وتابییان هەیە، واتە ٣٥٤ قوتابی بەشـــی کارگێڕی دەزگاکانی گەشـــتیاری لە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر کچن، پێشنیاریشی کرد، «لەجیاتی ٥٠ هەزار دینار، ١٥٠ هەزار دینار دەرماڵە بدرێت بەو قوتابیانە»، ئەوەشـــی بە ڕێکارێك بۆ هاندانی زیاتری قوتابیان و کارکردنیان لە بواری گەشتوگوزار هەژمار کرد. باسی ئەوەشی کرد کە پێویستە لەگەڵ دەســـتەی وەبەرهێنان هەماهەنگییـــان هەبێت و هەرکاتێك قوتابی ئەو بەشە دەرچوون، ئەوکات لەسەر هۆتێلە پێنج ئەستێرەکان فەرز بکرێـــت کە دایانمەزرێنن، گوتیشـــی «هەرچەندە لەلایەنی تیۆرییەوە قوتابی ئێمە کێشەی نییە، بەڵام بەهۆی کەموکوڕی لە پێداویستییەکانی مەشق و راهێنان شارەزایی تەواى نییەو لەڕووی

سەرۆکی بەشی کارگێڕی دەزگاکانی گەشتیاری لە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر:

**گەورەترین گرفتمان ئەوەیە کەسوکاری قوتابیانی کچ ڕێگەنادەن بۆ مەشقی هاوینە و ڕاهێنان کچەکانیان بۆ ماوەیەکی کەمیش لە هۆتێلەکان کاربکەن**

خاوەن هۆتێلێک:

**پێویستە دەرچووانی گەشتیاری زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بەمسۆگەری بزانن، چونکە ٩٠٪ی گەشتیاران عەرەبن، ١٠٪ ی بیانین**

بڕیاردەری بەشی ڕێبەری گەشتیاری لە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر:

**لەسەر ئاستی راگرایەتی داوامان کردووە وەرگرتنی قوتابیان لەبەشەکانی گەشتیاری بە حەز و ویستی خودی قوتابی بێت**



**وێڕای هەبوونی دوو بەشی تایبەت بە گەشتوگوزار و گەشتیاری لە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر کە ساڵانە سەدان قوتابی کچ لەم بوارە ئامادە دەکات، بەڵام کچانی دەرچووی ئەم دوو بەشە زۆربەیان ئامادە نین لە هۆتێل و شوێنە گەشتیارییەکان کاربکەن، سەرۆکی بەشی کارگێڕی دەزگاکانی گەشتیاری لە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێریش هۆکارەکەی بۆ تێڕوانینی کۆمەڵگە دەگەڕێنێتەوەو پێیوایە بۆ دایک و باوک ئاسان نییە کچەکەیان دوای دەرچوونی لە هۆتێلێک کاربکات. ئەوەش دەخاتەڕوو کە ٣٥٤ قوتابی بەشەکە کچن.**

کچێکی قوتابی بەشی کارگێڕی دەزگاکانی گەشتیاری لە پەیمانگەی تەکنیکی:

**نازانم چۆن ڕووبەڕووی کۆمەڵگە و تانەکانی ببمەوە بۆ ئەوەی دوای دەرچوونم لەشوێنە گەشتیارییەکان خزمەت بکەم**

کۆمەڵناسێک:

**پێویستە کەرتی گەشتوگوزار دڵنیایی بداتە خێزان و کۆمەڵگەی کوردی و ئەو ستریۆتایپەی کە هەیە نەیهێڵێت**

ئافرەتێک کە وازی لە کارکردن لە هوتێل هێناوە:

**کارکردن لەهۆتێل بۆخۆم و بنەماڵەکەم ئاسایی بوو، بەڵام ئافرەتانی بیانی کارەکەی ئێمەیان ناشیرین کرد میوانەکەنیش بەچاوی ئەوان سەیریان دەکردین**

پراکتیکییەوە بەباشی ئامادە نەکراوە، پێویستیشە لەسەر کۆمپانیا گەشتیارییەکان فەرز بکرێ، کە کارمەند لە دەرەوە نەهێنن و پشت بە قوتابیانی بەشەکانی گەشتوگوزار و گەشتیاری ببەستن، ئەگەر وانەبێت سوودی بەشی گەشتوگوزار هیچ نابێت».

**پێویستە ڕاگەیاندنەکان هانی کۆمەڵگە بدەن بۆ ئەوەی کارکردنی کچان لە شوێنە گەشتیارییەکان بە ئاسایی وەر بگرن**

داود سلێمان قائیدی، جەختی لەوەش کردەوە کە هەولێر وەك پایتەختی گەشتوگوزاری وڵاتانی عەرەبی لەساڵی ٢٠١٤ دەستنیشان کراوە، بۆیە پێویستی گرنگی زیاتر بە ڕاهێنانی قوتابیانی ئەو بوارە بدرێ و دەستگاکانی ڕاگەیاندنیش هانی کۆمەڵگە بدەن بۆ ئەوەی کارکردنی کچان لە شوێنە گەشتیارییەکان بە ئاسایی وەر بگرن».

لەلای خۆیەوە بڕیاردەری بەشی ڕێبەری گەشتیاری (ئیدریس ئەحمەد)، سەرەتا ئاشکرای دەکات کە لە بەشەکەی ١٠٦ کچی قوتابی هەن و دواتر ڕەخنەی لەوە گرت کە «ئەمساڵ کەمترین نمرە لە بەشەکەی ئێمە وەرگیرا، کە لەلایەن قبووڵ مەرکەزییەوە ناردرابوون»، گوتیشی «لەسەر ئاستی ڕاگرایەتی داوامان کردووە وەرگرتنی قوتابیان لەبەشەکانی گەشتیاری بە حەز و ویستی خودی قوتابی بێت، هەروەها ڕەچاوی باری جەستەیی و تەندروستییان بکرێت، بۆ ئەوەی سوود لەهێزی کارکردنی ئەو کەسە وەربگیرێت، ساڵانی ڕابردوو دەرچووانی ئەم بەشە دەبووایە لە هۆتێلەکان بەشێوەیەکی پڕاکتیك مەشق بکەن، ئەوەش کێشەی زۆری بۆ دروست کردین، کچانی قوتابی ئامادە نەبوون بچنە هۆتێل، چونکە خێزان و بنەماڵەکانیان قبووڵی نەدەکرد، بەڵام ئێمە لەم دواییەدا ئەو کێشەیەمان چارەسەر کرد، دەرچووانی ئەو بەشە بۆ مەشقی هاوینە دەنێردرێنە دەستەی گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزار، شوێنەواری هەولێر، شوێنەواری گشتی، ژینگەی گشتی و ژینگەی هەولێر».

**زۆرێك لە پیاوان ئەو وشیارییەی نییە ڕێز لە کاری ئافرەت بگرن**

ساجیدە عوسمان دەرچووی دەزگاکانی گەشتیارییەو وەك خۆی باسیکرد، ساڵانێك لە هۆتێلەکانی هەولێر کاری کردووە، بەڵام «بەهۆی هەراسانکردنم لەلایەن میوانەکانەوە دەستبەرداری کارەکەمی بووم و ئێستا لە کۆمپانیایەکی وەبەرهێنانی تورکی کاردەکەم». سەبارەت بەو گرفتانەش کە لەکاتی کارکردنی لە هۆتێلەکان هاتۆتەڕێی گوتی «کارکردن لەو بوارە زۆرخۆشە و ماندووبوونیشی کەمە، منیش بە حوکمی ئەوەی لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و کراوەم، کارکردن لە هۆتێل بۆ خۆم و بنەماڵەکەم ئاسایی بوو، بەڵام بەداخەوە لەهۆتێلە گەشتیارییەکان ئافرەتانی بیانی لەپەنای ئەو کارەیان کاری لەشفرۆشیشیان ئەنجامدەدا و کارەکەی ئێمەیان ناشیرین کرد، میوانەکان بەچاوی ئەوان سەیری ئێمەشیان دەکرد، تەنانەت چەندین جار لەلایەن میوانەکانەوە داوای سێکسم لێکراوە، ئەو هۆکارانە وایانکرد دەستبەرداری کارەکەم بم، هەرچەندە بەڕێوەبەرەکەم پیاوێکی زۆر باش و بە شەخسیەت بوو، بەڵام بەداخەوە زۆرێك لە پیاوان ئەو وشیارییەی نییە ڕێز لە کاری ئافرەت بگرێت و بە چاووی سووك سەیری دەکات».

**خاوەنی هۆتێلەکان قوتابییانی دەرچووی پەیمانگە وەرناگرن**

محەممەد ئیسماعیل خاوەنی هۆتێل مۆناکۆ پالاس جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئافرەتی کورد بۆ کارکردن، زۆر کەم ڕوو لە هۆتێل و شوێنە گەشتیارییەکان دەکەن، گوتیشی «بەڕاستی ئەوە کێشەیەکی یەکجار گەورەی کەرتی گەشتوگوزارە، ئێمە نەك کچەکانمان تەنانەت کوڕەکانیشمان شەرم دەکەن لەم شوێنانە کاربکەن، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە لەبەشەکانی گەشتوگوزار و گەشتیاری قوتابی بە نمرە و بە ئارەزووی خۆی بێتە ئەو دوو بەشە، چونکە کادیری گەشتیاری یەکەم شت دەبێت حەزی ئەو کارەی هەبێت و زمان بزانێت، ساڵانە سەدان قوتابی لەم پەیمانگەیە دەردەچن و بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزار پێویستی بە ١٥ دەرچوو هەیە، ئێستا نزیکەی ٢٠٠ دەرچووی تێدایە، من بەشبەحاڵی خۆم وەك خاوەن هۆتێلێك ئامادە نیم قوتابییانی دەرچووی پەیمانگە وەربگرم لای خۆم، لەبەر ئەوەی ئەو دەرچووانە حەزی ئیشکردنیان نییە، زمان نازانن، پێویستە دەرچووانی گەشتیاری زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بەمسۆگەری بزانن، چونکە ٩٠٪ی گەشتیاران عەرەبن، ١٠٪ ی بیانین». ئەو خاوەن هۆتێلە جەختی لەوەش کردەوە کە «سەرەڕای ئەو کەموکوڕییانەی هەیانە، لەڕووی کۆمەڵایەتییشەوە ڕێگر و بەربەست زۆرن و بەهۆی شەرمە و عەیبە. خێزان و مالباتەکانیان ئامادەنین کچیان وەکو ژمێریاریش لە هۆتێلەکان کاربکەن، ئاشکرایە بەهۆی ئەوەی کە کچان پاك و خاوێنتر و ڕێکوپێکترن زیاتر سەرنجی میوانەکان ڕادەکێشن، ئەوەش وادەکات میوانی زیاتر ڕوو لە هۆتێل و شوێنە گەشتیارییەکان بکەن».

**پێویستە هێنانی ئافرەتی بیانی بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە گەشتوگوزارییەکان سنووردار بکرێت**



حازم عەلی توێژەری کۆمەڵایەتییەو ڕایوایە کەمی و سنوورداربوونی ڕێژەی کارکردنی ئافرەت پەیوەندی بەو واقیعە کۆمەڵایەتی و کلتووریەوە هەیە کە لە کۆمەڵگەکەماندا هەیە، زۆربەی خێزانەکان لە سەختترین بارودۆخە ئابوورییەکانیشیدا ئامادە نین تاکی مێینە بنێرنە بازاڕی کارکردنەوە، بەتایبەتی کەرتی گەشتوگوزار، ئەوەش پەیوەندی بە ناوبانگەی ئەم کەرتەوە هەیە لە کوردستاندا کە لەبەرچاوی خەڵکیدا بۆ کاری ئافرەتان وێنایەکی باشی نییە، هەروەها بەردەست نەبوونی شوێنە گەشتوگوزارییەکان لەناوچە نزیکەکاندا هێندەی دیکە کارکردنی ئافرەتی سنووردارکردووە، چونکە خێزانی کورد ئامادە نییە کچی ڕەوانەی شوێنە دوورەکانی گەشتوگوزاری بکات، چونکە کۆمەڵگەیەکی پارێزکارین و تەحەمولکردنی ئەم بارودۆخە ئاسان نییە». گوتیشی «پێویستە کەرتی گەشتوگوزار دڵنیایی بداتە خێزان و کۆمەڵگەی کوردی و ئەو ستریۆتایپەی کە هەیە نەیهێڵێت، ئەویش بەرەخساندنی بارودۆخێکی وەها کە بتوانێت ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەتان بباتە سەرەوە».

ئەو کۆمەڵناسە هێمای بۆ ئەوە کرد کە، بەرەوپێشبردنی هەر بارودۆخێك لە کۆمەڵگەی پارێزگار پێویستی بە کارکردنی بەردەوام و ئارامی و لەسەرخۆیی هەیە، وتیشی «ناتوانین بەم زووانە ڕێژەکە بەرز بکەینەوە، بەڵام پێویستە دەوڵەت هێنانی ئافرەتی بیانی بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە گەشتوگوزارییەکان تا ڕادەیەکی زۆر سنووردار بکات، چونکە ئەمە یەکێکە لەهۆیەکانی متمانەنەبوونی کۆمەڵگەی کوردی بەکەرتی گەشتوگوزار کە زۆرجاران لەپەنای کاری سەرەکی خۆیان، کاری دیکەش دەکەن، ئەمەش جگە لە زیان بە کەرتی گەشتوگوزار هیچ ئەنجامێکی دیکەی نابێت. بەرزکردنەوەی ڕێژەکە هاوکاتە لەگەڵ پرۆسەی هۆشیاری گەشتوگوزاری بۆ خێزان لەبواری کارکردنی ئافرەت و پێدانی دەرفەت و ئیمتیازاتی وەها کە خەڵکی هان بدات متمانەیان بەو کەرتە هەبێت و تێیدا کاربکەن».

# گەنج لە جومگە سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاساییەکانی کوردستاندا چ پێگەیەکی هەیە؟

بەشداریکردنی گەنج لەکایە جیاوازەکانی ژیان، نیشانەی پڕۆگرێس و پێگەیشتوویی شارستانییەتی هەر کۆمەڵگەیەکە، بەتایبەتی لە بواری سیاسەت و کاروباری بەڕێوەبردنی وڵات، لەم ڕاپۆرتەدا ڕێژەی بەشداریکردنی گەنجان لە سیاسەت و ئیدارەی وڵاتیان لە ئاستی دنیا و هەرێمی کوردستان دەخرێتەڕوو، ئەو پرسیارەش ئاڕاستەی چەند کەسایەتییەک دەکرێ کە: گەنج لە جومگە سیاسی و یاساییەکانی کوردستاندا چ پێگەیەکی هەیە؟



گوڵان: کۆمەڵایەتی

پەرلەمانتارێک:

**بەراورد بە وڵاتانی ناوچەکە زۆرترین ڕێژەی گەنج لە ناو پەلەمانی کوردستاندایە**

گەنجێک:

**گەنج و لاوی کورد پێویستییان بە ڕاهێنانی زیاتر هەیە بۆئەوەی بەرامبەر بەخۆیان و داهاتووی وڵاتەکەیان هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن**

## بەشداری گەنجان لە لەوڵاتانی ئەمریکای لاتین

بەشداری گەنجان لەپرۆسە سیاسیەکاندا لەوڵاتانی ئەمریکای لاتین بەتایبەتی لە وڵاتانی (فەنزویلا، کوبا، بەرازیل، ئەرجەنتین، نیکاراگوا ـ پاراگوای و ئەکوادور ) زۆر بەرچاوەو لەداڕشتنی سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیاری وڵاتی خۆیان ڕۆڵی بەر چاویان هەیە، هەر یەك لەم وڵاتانەش دوو پەرلەمانیان هەیە، ئەنجومەنی نیشتمانی و پەرلەمانی گەنجان کە ئەنجومەنی نیشتمانی سیاسەتی تایبەت بە وڵات بەڕێوە دەبات و تەمەنی بەشداربوونیشی لەسەرووی ٥٠ساڵە، بەڵام پەرلەمانی گەنجان تەمەنی بەشداریکردن ٢٥هەتا ٣٠ ساڵە، بۆیە ڕێژەی بەشداریکردنی گەنجان لە سیاسەت و ئیدارەی وڵاتیان لەوڵاتانی ئەمریکای لاتین لەسەرووی (٦٠٪)ە، بەڵام لە ئەمریکای باکوور کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا پێکهاتووە، بەشداری گەنجان زۆر لاوازە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هیچ گەنجێك لەنێو پەرلەماندا نابینرێت، تەنانەت لەئەمریکا شتێك نییە بەناوی پەرلەمان، بەڵکو (ئەنجومەنی پیران)یان هەیە، کە بە ناوەکەیدا دیارە، هەموویان پیرن و ئەوەی خۆی دەپاڵێوێت نابێت تەمەنی لە ٥٠ ساڵ کەمتر بێت. لە ئەمریکای باکوور تەنیا کوڕی سەرمایەدارە گەورەکان و بەرپرسە سیاسییەکان دیارن. لە وڵاتە سۆشیالیستییەکانیش بەشێوەیەکی گشتی بۆ ڕێکخستنیان لەنێو نۆرمە سیاسییەکاندا هانی زیاتری گەنجان دەدەن، بەشێوەیەك بەشداری گەنجان لە وڵاتانی چین و رووسیا و میانمار و کۆریای باکوور دەگاتە (٢٩٪).

## بەشداری گەنجان لە وڵاتانی ئەورووپا

ڕێژەی بەشداریکردنی گەنجان لە سیاسەت و ئیدارەی وڵاتیان لە وڵاتانی ئەورووپا بە بەراورد بەبانگەشەکانی دیموکراسی لەو وڵاتانە زۆر کەمە، بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەك بەریتانیا گەنجان ڕێگرییان لێدەکرێت، لەچوونە پەرلەمان، لەبەریتانیا کاندیدی خۆپاڵاوتن بۆ پەرلەمان نابێت تەمەنی لە ٦٠ شەست ساڵ کەمتربێت، ئەمەش وایکردووە گەنجان کەمتر بتوانن بەشداری ژیانی سیاسی بکەن. خاڵێکی دیکە کە وایکردووە کەمترین ڕێژەی گەنجان بەشداری ژیانی سیاسیی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا هەبێت، بۆ ئەو سیستەمە سەرمایەدارییە دەگەڕێتەوە کە لە ولاتانی ئەورپای ڕۆژئاوادا پەیڕەو کراوە، بۆ نموونە لە فەرەنسا کەسێك ئەگەر خۆی بۆ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بپاڵێوێت، پێوستە خاوەنی ڕێژەیەکی بەرز و دیاریکراوی داهاتی بانکی بێت، ئەمەش ئەستەمە بۆ گەنجێك ئەو پارە زۆرەی لەنێو بانکێکدا پاشەکەوت کردبێت، هەتا ئێستا لەوڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا بەتایبەتی فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا هیچ گەنجێکی خوار تەمەن ٤٠ ساڵ نەیتوانیوە بگاتە نێو کایەیەکی سیاسی و زۆربەی پیاوە سیاسییەکانی نێو ئەم وڵاتانە کەسانی سەرووی تەمەن ٥٠ ساڵن، بەڵام لە وڵاتانی ئەسکەندینافیا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ئەورووپا ڕێژەی بەشداریکردنی گەنجان لە سیاسەت و ئیدارەی وڵاتیان زۆر زیاترە. لە (سوید، نەرویج، فنلەندە، دانیمارك) لەساڵی ١٩٨٠ ڕێژەی بەشداریکردنی گەنجان لە سیاسەت و ئیدارەی وڵاتیان دەگەیشتە (١٣٪) بەڵام ئەمڕۆ ئەو ڕێژەیە بۆ (٢٤٪) بەرزبۆتەوە .

## بەشداری گەنجان لەوڵاتانی عەرەبیدا

بەشداریکردنی گەنجان لەچالاکیە سیاسیەکان و پیشەیەکان لەوڵاتە عەرەبییەکان لەسالانی هەشتاکاندا دەگەیشتە نزیکەی (٧٥٪) بەڵام ئەو ڕێژەیەش بەرەو دابەزین چووەو لەهەندێك وڵات گەیشتۆتە (١١٪)، بەڵام لە (جەزائیر، توونس و مەغریب) ڕێژەی بەشداریکردنی گەنجان لە سیاسەت و ئیدارەی وڵاتیان دەگاتە (٤٠٪) و لە وڵاتێکی وەك جەزائیر پەرلەمانی گەنجان هەیە و لە مەغریبیش بەشداری سیاسی بۆ گەنجان فەراهەمکراوە .

## پێگەی گەنجان لە هەرێمی کوردستان

لە هەرێمی کوردستان گەنجان لە کاری ڕێکخراوەی مەدەنی و حزبی و سیاسی ڕۆڵی بەرچاویان هەیە، بەڵام لە پەرلەمان و حکومەت و لە سیاسەتی بەڕێوەبردنی وڵاتدا هێشتا ڕێژەیەکی بەرچاویان نییە. گەر چی لە هەرێمی کوردستان مەرجی تەمەن بۆ کاندیدی پەرلەمان ٢٥ ساڵە و هەوڵێکیش هەیە بۆ ئەوەی پەرلەمانی گەنجان بە فەرمی دابمەزرێ، بەڵام هێشتا ئەو هەوڵانە بە ئەنجام نەگەیشتووە.

## کۆسپەکانی بەردەم گەنجان کەم کراون

پەرلەمانتار د. عومەر نورەدینی مامۆستای زانکۆ و سەرۆکی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان، لە ئاخافتنێکیدا بۆ گوڵان سەبارەت بە هەوڵەکانی پەرلەمان بۆ بەهێزکردنی پێگەی گەنجان گوتی «ئێمە بەردەوام هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی گەنجان دەدەین، بۆ نموونە ئێمە هەوڵماندا تەمەنی ئەندامبوون لەپەرلەمان لە ٣٠ ساڵییەوە بۆ ٢٥ ساڵی کەم بکەینەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە وەك لیژنەی پەروەردە و فێرکردن لە سیستەمی خۆکاندیکردنی یەکێتی مامۆستایانمان داڕشتەوە، کە پێشتر هەموو ئەندامێکی سکرتارییەت پێویستی بە ١٥ ساڵ خزمەت هەبوو، بەڵام ئێمە بۆ پێنج ساڵ کەممان کردەوە، هەمان هەلیشمان بۆ پۆستی بەڕێوبەرە گشتییەکان ئەنجامداوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە لەسەر یاسای پەروەردە و خوێندن کارمان کردووە، بۆ ئەوەی سیستەمی خوێندن بەرەوە چاکسازی بڕوات، هەروەوەها ئەنجومەنی قوتابییانمان دروستکردووە، بۆ ئەوەی ئەم ئەنجوومەنە بتوانێت لەڕێگەی پرۆژەی جیاوازەوە کاری زۆر بکات».

ئەو پەرلەمانتارە جەختی لەوەش کردەوە کە «لەهەرێمی کوردستان کەشوهەوایەکی لەبار بۆگەنجان ڕەخساوەو بەهۆی فەزای ئازادیی سیاسییەوە گەنج دەتوانێت بەرەو بەتواناکانی خۆی بدات، تاڕادەیەك کۆسپەکانی بەردەم بەگەنجان کەم کراون، داهێنەربوونی گەنجیش شتێك نییە لەسەر سینیەك بۆ گەنج ڕازابێتەوە، بۆنموونە پەرلەمانی کوردستان یاسای بە ئەندامبوونی پەرلەمانی کرد بە ٢٥ ساڵ و بێگومان ئەمە دەکەوێتە سەر خودی گەنج کە هەتا چەند سوود لەم یاسایە وەردەگرێت».

## هەرێمی کوردستان گەنجترین سەرۆکی حکومەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە

هەروەها د. عومەر نوەردینی زیاتر گوتی «بێگومان گەنج بەگشتی هاتۆتەنە نێو کایەکانی ژیان و گەنجترین سەرۆکی حکومەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەمە بێجگە لەوەی بە بەراورد بە وڵاتانی ناوچەکە زۆرترین ڕێژەی گەنجان لە ناو پەرلەمانی کوردستاندان، سەرەڕای بوونی چەندین گەنجی بەتوانا لەناو سەرکردایەتی حزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی». نوورەدینی چەند وەزارەتێك بە نموونە دەهێنێتەوە کە بەشێکی زۆر لە گەنجان تێیدا بەڕێوبەری گشتی و ڕاویژکارن، لەوانە: «وەزارەتی پلاندانان کە چەندین گەنجی بەتوانا بەڕێوبەری گشتی و ڕاوێژکارن و پلەی تایبەتیان هەیە»، گوتیشی «ئەو گەنجانەی کە توانیویانە سوود لەیاساکان وەربگرن و خۆیان کەسانی داهێنەربوون، توانیویانە بێنە پێشەوە، بەڵام پێویستە کاری زیاتر بکرێت بۆ ئەوەی گەنجی زیاتر بێنە پێشەوە». ئەوەشی خستەڕوو کە هەرێمی کوردستان بە کۆمەڵگەیەکی گەنج دەناسرێت، چونکە نیوەی ژمارەی دانیشتووانی هەرێم گەنجن».

## ململانێی نێوان نەوەکان لە سیماکانی کۆمەڵگەی زیندووکارایە

ئومێد خۆشناو سکرتێری گشتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات کە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان یەکێکە لەڕێکخراوە سەرەکییەکانی تایبەت بەگەنجان و لەماوەی تەمەنیدا چەندین چالاکی جۆربەجۆری بۆ گەنجان ئەنجامداوە. ڕۆڵی گەنجیشی لە هەموو کۆمەڵگەکان بەشێوەیەکی گرنگ هەژمارکردو گوتی «لەهەموو سیستەمەکاندا بەتایبەتی سیستەمی دیموکراسی دەرفەتێکی زیاتر بۆ گەنجان دەڕەخسێت، بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری کارا لەگشت بوارە جیاوازەکاندا بکەن، لە هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ پێشکەوتنی تەواوی سێکتەرەکانی ژیان قەناعەتێکی مەبدەئی لەلای گەنجان و دەسەڵات و نەوەی پێشوو دروستبووە کە دەبێت سوود لەتواناکانی گەنج وەربگیرێت». ئەوەشی خستەڕوو کە هەوڵدەدرێت لەهەرێمی کوردستان دەرفەتی زیاتر بۆ گەنجان بڕەخسێت و گوتیشی «ئێمە وەك یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی لەدوای کارنامەی کۆنگرەی حەوتەم بەشێوەیەکی زۆر ورد کار لەسەر پرسەکانی گەنج دەکەین و خۆمان بەخاوەنی هەموو پرسەکانی گەنج دەزانین و هەمیشە کارمان لەسەر ئەوە کردووە کە بتوانین گەنجی بەتواناو داهێنەر پێبگەیەنین». نموونەشی بەوە هێناوە کە «بەهاوکاری ڕێکخراوەکانی دیکە توانیمان تەمەنی پەرلەمانتار لە ٣٠ ساڵەوە بۆ ٢٥ساڵ کەمبکەینەوە، ئەمە بێجگەلە هەوڵەکانی ئێمە بۆ بەشداری گەنج لەپۆستەکانی نێو حزبدا، بۆ نموونە لەکۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان ئێمە بەچەندین نوێنەر بەشداریمان کرد، ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆر لەگەنجان لەکادری ناوەندی پارتییەوە چونە نێو سەرکردایەتی پارتی بۆ ئەوەی بتوانن وەك گەنج کاربکەن و لەو باوەڕەدام کەئەو گەنجانە ڕۆڵی خۆیان وەك گەنج بینیوە، ئەمە بێجگەلەوەی کەبەشداری گەنجان لەکایە ئیدارییەکاندا زۆر بەجوانی هەستی پێدەکرێت و ڕێژەیەکی زۆر لەگەنجان بەشداری لەپۆستەکانی حکومەت دەکەن».

ئومێد خۆشناو ڕایوایە ململانێی نێوان نەوەکان یەکێکە لە سیماکانی کۆمەڵگەی زیندوو، هەرێمی کوردستانیش بەدەرنییە لەو ململانێیە، گوتیشی «ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ململانێیەکە نەگەیشتۆتە ئاستێکی وەها کە نەوەی رابردوو نەوەی ئێستا ڕەتبکاتەوە، یان نەوەی ئێستا کار و خەبات و تێکۆشانی نەوەی پێشوو نادیدە بگرن، بێگومان دەتوانرێت ئەمە بەهەنگاوێکی دڵخۆشکەر دابنرێت، بۆ ئەوەی هەردوولا بتوانن بەهاوکاری یەکتری کۆمەڵگە بەرەوپێش ببەن» .

پێویستە حکومەت هەوڵبدات توانا خودییەکانی گەنج زیاد بکات

## گرنگترین فاکتەری کاریگەر لەسەر ژیانی تاك پرۆسەی خوێندنە

توێژەری کۆمەڵایەتی عەباس شەریف، جەخت لەوە دەکاتەوە کە پرۆسەی خوێندن وەك فاکتەرێکی گرنگی ژیانی مرۆڤ کاریگەری لەسەر ژیانی تاك هەیەو دەڵێت «بێگومان پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون لەژیانی تاکدا بەچەند قوناغێکدا دەڕوات، ئەوانیش بریتین لە خێزان کە یەکەم وێستگەی ژیانی ئادەمیزادە و دواتر قوتابخانەو پاشان شوێنی کارو پیشە، واتا هەر قۆناغێك کاریگەری تایبەتی خۆی لەسەر دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤ هەیە، بەجۆرێك ناتوانین بڵێین ئەرکی هەریەکێك لەم قۆناغانە لەوەی تریان کەمترە، ئەمە ئەوە دەردەخات کە بەپرۆگرامی خوێندن کاریگەرییەکی زۆری هەیە و نەبوونی پڕۆگرامێکی بەهێزی خوێندن یەکێکە لەو گرفتانەی کە گەنجی کوردی ڕووبەڕووی قەیرانێکی نامۆ کردۆتەوە، بەڵام ناشکرێت بلێیت تەنیا فاکتەرە».

سەبارەت بە هەمان پرس د. عومەر نوورەدینی رایوایە «سیستەمی خوێندنی هەرێمی کوردستان کەموکوڕی تێدایە، بەڵام سیستەمێکی نەزۆکیش نییە»، ئەوەشی خستەڕوو بەنیازن پرۆژەیەکی نوێ تایبەت بە پڕۆگرامەکانی پەروەردە دابڕێژن، پڕۆژەکەش بەجۆرێکە گرنگی تەواو بە دۆسییەی گەنج دراوە».

## سەربەخۆنەبوونی ڕێکخراوەکان گەنجیان پەراوێزخستووە

عەباس شەریف «نەبوونی ئایدیایەکی سەربەخۆ و پاشکۆبوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی» بە هۆکاری بەشدارینەکردنی گەنجان لەپرۆسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەژمار دەکات و دەڵێت «بەر لەڕاپەرینی ١٩٩١ بەهۆی بوونی ڕەوشێکی سیاسی تایبتمەندەوە، ئایدیایەکی هاوبەش لەنێو چینی گەنجاندا دروستبوو، ڕاستە ئەو ئایدیایە تەنیا بریتی بوو لەهەستێکی نەتەوەیی بەرەنگاری، بەڵام جۆرە نۆرمێکی بەخشیبوو بە گەنجی کورد کە توانیبوویان وەك پێویست جۆرە ئایدیایەکیان هەبێت، بەڵام ئەمرۆ گەنجی کورد ئەو ئایدیا هاوبەشەی نییە، سەربەخۆنەبوونی ڕێکخراوەکانیش ئەوەندەی دی گەنجیان پەراوێزخستووە، گەنجانی کورد هەرگیز لەم قۆناغەی ئێستادا ناتوانن خۆیان لەچوارچێوەی ڕێکخراوێکی ئایدۆلۆژیدا یەکبخەن، چونکە نەیانتوانیوە ئایدیەکی تایبەت بەخۆیان هەبێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە شێوازی تایبەتمەندی ئۆرگانیزیم بوونیش هەستی پێناکرێت». ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە جەختی لەوەش کردەوە کە دروستبوونی ڕەوتێکی سیاسی تایبەت بەگەنج پێویستی بەکەشوهەوایەکی تایبەت هەیە، گوتیشی «سەرهەڵدانی گەنجی کاریزما زیاتر پەیوەستە بەکۆمەڵگە تەقلیدییەکان، بەپێچەوانەوە لەناو کۆمەڵگە مۆدیرنەکان گەنجی ئۆرگانیزم سەرهەڵدەدات، بەڵام لەکوردستان هەرگیز ئەمە ڕوونادات، چونکە هیچ کام لەچین و توێژەکان ڕێکخراوێکی سەربەخۆیان نییە . « عەباس ئەوەشدەخاتەڕوو کە گەنج کۆڵەکەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە و هەر کۆمەڵگەیەك بایەخ بەگەنج بدات، ئەو کۆمەڵگەیە بازدانێك لەگشت بوارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بەخۆیەوە دەبینێت، کۆمەڵگەی کوردیش کۆمەڵگەیەکی گەنجەو ئەگەر گرنگی بەگەنج بدرێت، ئەوکات کۆمەڵگە زۆر پێشدەکەوێت و کاریگەری بەرچاوی دەبێت».

## بۆ کاراکردنی گەنج سوود لەئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان وەربگرین

ئالان موحسین قوتابی دواناوەندی لە قوتابخانەی (شوەیفات)ی نێودەوڵەتی، وەك گەنجێك هێما بۆ ئەوە دەکات کە لە هەرێمی کوردستان دەرفەتی لەبار بۆ گەنج ڕەخساوە و گەنجیش پێویستە بۆ سەلماندنی خۆی «هیممەت» بکات. ئالان بە پێویستی دەزانێت کە کۆمەڵگەی کوردی سوود لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان وەربگرێ گوتیشی «گەنج و لاوی کورد بە گشتی پێویستی بە ڕاهێنانی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی بەرامبەر بە خۆیان و داهاتووی وڵاتەکەیان هەست بە بەپرسیارێتی بکەن، لە زۆر شوێن ئەو بەرپرسیارێتییە لەگەڵ سیستەمی خوێندندا تێکەڵ بووە. لە قوتابخانەی شویفات، ڕێکخراوی ژیانی قوتابییان هەیە، کە تێیدا قوتابییەکان کاروباری سەبارەت بەخۆیان بەڕێوەدەبەن و چەند کەس دەبنە بەڕێوەبەری بەشێکی ئەو ڕێکخراوە. تەنانەت بەشداربوونی قوتابی لە چالاکی هاوشێوەی ئەم ڕێکخراوە شان بە شانی نمرەکانی وانەکانی دیکەی لە زانکۆکانی ئەمریکا گرنگی پێدەدرێت، بەمشێوەیە گەنج دەتوانێت لەسەرەتای ژیانیەوە ئەزموونی کاریزما و ئۆرگانیزەبوون و بەرپرسیاریەتی خۆی تاقی بکاتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەسایەتییەکی بەهێزی هەبێت».

سکرتێری گشتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان:

**قەناعەتێکی مەبدەئی لەلای گەنج و دەسەڵات و نەوەی پێشوو دروستبووە کە دەبێت سوود لەتواناکانی گەنج وەربگیرێت**

کۆمەڵناسێک:

**نەبوونی پرۆگرامێکی بەهێزی خوێندن یەکێکە لەو گرفتانەی کە گەنجی کوردی ڕووبەڕووی قەیرانێکی نامۆ کردۆتەوە**